وانەی (٢٣)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) زەبورەکان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (زەبور 50، 51 ، 58 ، 62)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما 6: 23

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، ڕۆما 6: 23 .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) خزمەتکارە بێ بەزەییەکە

نمونەی " خزمەتکارە بێ بەزەییەکە " لە مەتا ١٨: ١٥- ٣٥ ١١ تایبەتە بە **لێخۆشبوون لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

ئەم وێنەیە خاڵ بەخاڵ لە شەش ڕێبەری ڕێنماییەکاندا تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نمونەکان (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

مەتا ١٨: ١٥- ٣٥ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەمایانەی ژیانی بەرچاوی ئێستامان کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان

چیرۆکی ئەم نمونەیە پێکهاتوە لە سێ بەش :

پاشا بەزەیی بە خزمەتکارەکەیدا دێتەوەو لە قەرزێکی گەورەی خۆش دەبێت .

پاشا ویستی لێپرسینەوە بکات لەگەڵ خزمەتکارەکانی تایبەت بە کاروباری دارایی . ئەم خزمەتکارانە خزمەتکاری ئاسایی نەبوون بەڵکو گەورە لێپرسراو بوون ، زۆرجار ئەمانە دەسەڵاتدار بوونە بەسەر ناوچەکاندا ، بڕوانە دانیال ٦: ١- ٢ ، کاری ئەمانە ئەوە بوو باج وسەرانەی پاشایەتی کۆبکەنەوە لەناوچەو هەرێمەکانیان وە بڕێکی زۆر پارە لە کاتی خۆیدا پێشکەش بە پاشا بکەن لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ، پاشا فەرمانی کرد بە فرۆشتنی ئەم خزمەتکارە لەگەڵ خێزانەکەیدا لە بری قەرزەکەی ، فرۆشتنی کەسێکیش لە بری قەرز قەدەغە بوو لە ئیسرائیلدا ، بەڵام لە وڵاتانی دەوروبەر بڵاو بوو . ئیدی خزمەتکارەکە پارایەوە و داوای بەزەیی کرد لە پاشا ، ئەم خزمەتکارە ئینکاری نەکرد لەوەی بڕێکێ زۆر قەرزارە وە نەیویست ڕوونی بکاتەوە چۆن تێوەگلاوە و توشی ئەم دۆخە سەختە بوە ، وە دەیزانی گەڕانەوەی ئەو بڕە زۆرە کارێکی مەحاڵە بەڵام پارایەوە لە پاشا تا مۆڵەتی بداتێ بۆ گەڕانەوەی هەموو قەرزەکە ، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی ڕزگاری بێت لە سزا تۆقێنەرەکەی . پاشا بەزەیی پێدا هاتەوە و لە هەموو قەرزەکانی خۆش بوو .

خزمەتکارەکە نەیویست لە قەرزێکی بچوکی هاوڕێکەی خۆش بێت.

پاشا بڕیارەکەی پێشووی کار پێکردەوە لەسەر خزمەتکارەکە زۆر بە تووندی و سەخت تر .

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٨: ١٥- ٢٢ .

یاسای تەمێکردن .

عیسا لە ئینجیلی مەتا ١٨: ١٥- ١٧ قوتابیەکانی فێرکرد کە دەبێت دەتسپێشخەری بکەن لە ئاشتەوایی لەگەڵ براکانیان کاتێ ئەو برایەیان هەڵەیەك دەکات بەرامبەریان . بڕوانە لۆقا ١٧: ٣- ٤ ؛ مەتا ١٨: ١٥ .

بابەتی لێخۆشبوون .

پەترۆس دەیزانی کە دەبێت باوەڕداری ڕاستەقینە دەستپێشخەری بکات بۆ ئاشتەوایی ، بەڵام حەزی دەکرد بزانێ تا چەند جار ، مەتا ١٨: ٢١- ٢٢ . بەڵام عیسا وەڵامی دایەوە کە گوزارش کردن لە لێخۆشبوون بێ سنورەو پێوەری نیە . عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ ٤٩٠ جار لێی خۆش بە بەڵکو وەك ئاماژەیەکی میتافۆری ئەمەی بەکار هێنا ،

لێرەدا عیسا چیرۆکی ئەم نمونەیەی خزمەتکاری بێ بەزەیی بۆ باسکردن.

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ١٨: 23- 34 .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٨: ٣٥ .

"باوکی ئاسمانیشم واتان لێدەکات، ئەگەر هەریەکەتان لە دڵەوە گەردنی خوشکی یان براکەی ئازاد نەکات."

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم نمونەیە وەکو چیرۆکێکی میتافۆری – ڕاڤەکەی میتافۆریە .

بزانە، عیسا هیچ واتایەکی دیاریکراو یان بنەمایەکی و خاڵێکی لە چیرۆکئ نمونەکەدا پێشکەش نەکردوە .

پاشاو خزمەتکارەکانی .

لەپەیڕەوکردنی عیسا بۆ ئەم نمونەی مەتا ١٨: ٣٥ دەبینین ناوەڕۆکی نمونەکە گرێدراوە بە خوداو باوەڕدار و براکەی کە هەڵە دەکات . ئەمە بنەمای سەرەکی وجەوهەری نمونەکەیە کاتێ دەڵێت ، باوکی ئاسمانیشم واتان لێدەکات، ئەگەر هەریەکەتان لە دڵەوە گەردنی خوشکی یان براکەی ئازاد نەکات .

دە هەزار کیسە زێڕ و سەد دینار .

دە هەزار کیسە زێڕ هێمایە بۆ گوناهەی من تۆ لەپەیوەندیمان لەگەڵ خودا ، ئەم بڕە پارە زۆرە قەرزە هەرگیز من وتۆ ناتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ

خودا ، بۆ مرۆڤ مەحاڵە . وە بڕە پارە کەمەکە سەد دینار هێمایە بۆ ئەو گوناهەو تاوانەی براکەت کە دەیکات دەرهەق بە تۆ .

جەلادەکان "ئەشکەنجەدەرەکان"

ئەم خاڵە هیچ واتایەکی دیاریکراوی نیە بەڵام وێنەیەکە بۆ حوکمدانی کۆتایی ٢کۆرنسۆس ٥: ١٠ .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی خزمەتکاری بێ بەزەیی لە مەتا ١٨: ٢٣- ٣٥ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی " لێخۆشبوون لە شانشینی خودا " .
پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : خاڵێکی هاوبەش وگرێدراو هەیە لە نێوان لێخۆشبوونی خودایی و لێخۆشبوونی مرۆڤانە ، واتە ئەو لێخۆشبوونەی دەستمان دەکەوێت لەلایەن خوداوە ، هەروەها ئەو لێخۆشبوونەی ئێمە پێشکەشی کەسێکی دەکەین کە هەڵە یان تاوانی کردوە بەرامبەرمان ، دەبێت باوەڕداری ڕاستەقینە کە خودا لە گوناهەکانی خۆش بوە ئامادە بێت لە گوناهی ئەوانە خۆش بێت کە خراپەی بەرامبەر دەکەن وە حەزیش بەمە بکات .

نابێت باوەڕداری مەسیح تەنها وەکو سوپاسگوزاریەك بۆ خودا کە لەگوناهەکانی خۆش بوە ئەویش لێخۆشبوونی هەبێت بەڵکو هەروەها لەبەر ئەوەی خودا فەرمانی پێکردوە ، مەتا ٦: ١٢، ١٤- ١٥ .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگادار بە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

أ. نمونەی ڕکابەر یاخود نەیار

مەتا ٥: ٢٥- ٢٦ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چۆن ئەم دوو نمونەیە کە تایبەتن بە لێخۆشبوون لە شانشینی خودا هاوشێوەن ؟

تێبینیەکان .

نمونەی ڕکابەر کە هاتوە لە مەتا ٥: ٢٥- ٢٦ هەروەها نمونەیەکە لەبارەی لێخۆشبوون لە شانشینی خودا وە پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە ئەوەیە کە هەمیشە کاتی ئاشتەوایی ئێستایە !

لێخۆشبوون یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان کە شانشینی خودای پێ پێناسە دەکرێت وە ئەوەی سەر بە گەلی شانشینی خودا بێت ئاشتەوایی دواناخات لەگەڵ براکەی یان خوشکەکەی کە لێی تووڕەبوە چونکە سبەی کاتێکی درەنگە و زۆریش درەنگە ، ئەو مرۆڤەی هەوڵدان بۆ ئاشتەوایی ڕەتدەکاتەوە هەرگیز ناتوانێ قەرزەکەی بداتەوە .

ب. خزمەتکارەکان وئەشکەنجەدان .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کتێبی پیرۆز چی فێر دەکات لەبارەی خزمەتکاروئەشکەنجەدان ؟

تێبینیەکان .

دیاردەی فرۆشتنی کۆیلە یان خزمەتکار .

دەرچوون ٢٢: ٣ ؛ لێقیەکان ٢٥: ٨- ١٠ ، ٣٩ – ٤٣؛ ٢پاشایان ٤: ١ ؛ نەحمیا ٥: ٤- ٦ ؛ ئیشایا ٥٠: ١؛ ئامۆس ٢: ٦؛ ٨: ٦ . بەپێی دەرچوون ٢٢ تەنها ڕێگە دەدرا بە فرۆشتنی مرۆڤ وەکو کۆیلە لە دزیدا . وە بەپێی لێقیەکان ئەو کۆیلەیەی دەفرۆشرا دەبوو وەکو کرێگرتەیەکی کاتیی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت نەوەك کۆیلە ، وە دەبوو لە ساڵی یۆبیلدا ئازاد بکرێت ، وە ٢پاشایان ئاماژە بۆ ئەوە فرۆشتنی خەڵکی کراوە وەکو کۆیلە بێ ئەوەی پشتڕاست بکرێتەوە ئەم دیاردەیە ، وە لە کۆتاییدا لە نەحمیا لەسەر قەرز مرۆڤ بە کۆیلە فرۆشراوە بۆ دانەوەی قەرزەکەی ، وە بە پێی ئیشایا خوداوەند گوزارشی کردوە لە دوو وێنە لەبارەی ئەو ڕاستیەیەی ئەو گەلی ئیسرائیلی نەناردوە بۆ کۆیلایەتی و ڕاپێچ بەرەو بابل بەڵکو خودی گەلی ئیسرائیل هۆکار بوونە بۆ ئەو کۆیلایەتی وڕاپێچ کردنەیان . خوداوەند نوسراوی جیابونەوەی پێشکەش نەکردوە تا بیسلەمێنێ کە وازی لێهێناون هەروەها ئەو ئیسرائیلی نەفرۆشتوە وەکو کۆیلە ، لەڕاستیدا فرۆشتن وڕەتکردنەوەیان وەکو کۆیلە دەگەڕێتەوە بۆ گوناهەکانیان !

وه بەپێی ئامۆس خوداوەند سەرزەشتی فرۆشتنی خەڵکی کردوە وەکو کۆیلە !

ئەشکەنجەدان .

بینین ٩: ٥؛ ١٨: ٦- ٧ بخوێنەوە ، خوداوەند لە مەتا ١٨: ٣٤ دەڵێت ، گەورەکەی تۆڕەبوو جەلادەکانی بانگ کرد ئەشکەنجەی بدات تا ئەو کاتەی قەرزەکەی دەداتەوە . ئەو ئەشکەنجەدەرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەلایەن دادگاوە دادەمەزران و بەرپرس بوون لە ئەشکەنجەدانی تاوانکاران ، وە جارێکی تر کتێبی پیرۆز ئەشکەنجەدان پشتڕاست ناکاتەوە ، بەڵام ئاشنامان دەکات بەوەی دەگوزەرێ لە بەشێکی ئەم جیهانە ، وە سزای دادپەروەرانە وێنەیەکە بۆ کردارەکانی مرۆڤ بەرامبەر کەسانی تر لەبارەی بێ بەزەیی و بوونە مایەی دڵتەنگی و ئازار بۆ کەسانی تر وە وێنەیەکە بۆ حوکمدانی خودایی .

ج. فێرکردن لەبارەی لێخۆشبوون .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی تر چی ڕاستیەك فێر دەکات کە ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

زەبور ١٣٠: ٣ ؛ مەتا ١٨: ٢٣ ؛ ڕۆما ٣: ٢٣

ڕۆما ٣: ٢٣ دەڵێت ، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن . ئەم ئایەتە فێرمان دەکات کە هەموو خەڵکی سەرزەوی قەرزاری خودان و پێویستیان بە لێخۆشبوون هەیە .

مەتا ١٨: ٢٥ ؛ زەبور ٤٩: ٧ ؛ ڕۆما ٣: ٢٠.

مەتا ١٨: ٢٣- ٢٤ ؛ پەیدابوون ٢: ١٧ ؛ ڕۆما ٣: ١٩؛ ٥: ١٨ .

مەتا ١٨: ٢٧ ؛ ٢٠: ٢٨ ؛ ڕۆما ٣: ٢٤ ؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ٢١.

٢کۆرنسۆس ٩: ١٥ .

مەتا ١٨: ٣٢- ٣٤ ؛ ٦: ١٢- ١٥ ؛ ئەفسۆس ٤: ٣٢ ؛ کۆلۆسی ٣: ١٢- ١٤ .هەروەها بڕوانە مەتا ٦: ١٤- ١٥ .

مەتا ٥: ٢٣- ٢٤ ؛ ١٨: ١٧ هەروەها بڕوانە مەتا ١٨: ١٥ .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

چی فێر دەبین لە سروشتی خودا ؟

دەبێت هەموو خەڵکی سروشتی خودا بناسن . یەکێك لە وانە مەزنەکانی لەم نمونەیەدا فێری دەبین ئەوەیە ڕۆحی بەزەیی ومیهرەبانی خودایە کەلەسەروو بیرکردنەوەو ئەندێشەیە دەکرێ گوناهەکانمان هاوشێوە بکەین بە دەهەزار کیسە زێڕ ، بڕوانە یۆحەنا ١: ١٢ ؛ یۆحەنا ١٠: ١١ ؛ ڕۆما ١٠: ١٣ .

چی فێر دەبین لەبارەی سروشتی باوەڕدارانی ڕاستەقینە ؟

دەبێط باوەڕدارانی ڕاستەقینە بزانن کە چۆن دەژین وهەڵسوکەوت دەکەن ، یەکێك لەوانە مەزنەکانی لەم نمونەیەدا فێری دەبین ئەوەیە کە خودا دەیەوێ ئێمە چۆن بین و چی بین ئەو فێرمان دەکات کە بڕۆین ئاشت بینەوە لەگەڵ ئەوەی هەست دەکەین تاوان یان ستەمی لێکردووین ، ١کۆرنسۆس ١٣: ٥ ؛ مەتا ٦: ١٢، ١٤- ١٥ .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەكانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بكەن ، نوێژێكی كورت ئەوە دەربخات كە ئەمڕۆ فێربوون . یان كۆمەڵەكە بكە بە دوو یان سێ كۆمەڵ و نوێژێك بكەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت كە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەركی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری كۆمەڵەكە . ئەركی داهاتوو بدە بە ئەندامانی كۆمەڵەكەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بكە لە پەڕاوەكانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی كڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێركردن ، یان وانە دابەشكردن (لەگەڵ كەسێكی تر یان لەگەڵ كۆمەڵێكدا) فێركردنی پەیوەست بە نمونەی " خزمەتكاری بێ بەزەیی " .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە زەبور ٧١، ٧٣، ٧٨ ، ٨٢. باشترین شێوازی ڕاست بەكاربهێنە و تێبینیەكانت بنوسەوە .
٤- لەبەركردن : پێداچوونەوە بكە بۆ زنجیرەی ئایەتی لەبەركردن تایبەت بە شانشینی خودا .

٥- وانەی كتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی كتێبی پیرۆز ئامادە بكە لە ماڵەوە : ڕۆما ٦: ١٢- ٢٣. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێكۆڵینەوەی كتێبی پیرۆز بەكار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەكانت بنوسەوە .